# کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهاتەکان

## دەستنیشان کردنی کێشەکان .......ڕاسپاردە و پێشنیازەکان


**گـــــۆران ئـــــازاد**
ئەندامی لیژنەی دەستپاکی پەرلەمانی کوردستان

**د.فەرسەت سۆفی**
ئەندامی لیژنەی دەستپاکی پەرلەمانی کوردستان


٢٠١٥-١٠-٣٠


تایپ و دیزاین: کـــارزان حەسەن سلێمان
سکرتێری لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان

## دەستپێک:

ئێمە وەك دوو ئەندامی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان ، لە ماوەی سێ هەفتە بەدواداچوون و سەردان بۆ لای بەڕێزان (جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری سامانە سروشتییەکان و بریکاری وەزارەت ، وەزیری دارایی و ئابووری ، وەزیری کارەبا، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، سکرتێری ئەنجومەنی ئابووری لە ئەنجومەنی وەزیران ، بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی، بەڕێوەبەری گشتی ژمێرکاریی لەوەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێم، بەڕێوەبەری گشتی لقی بانکی ناوەندی لە هەولێر، بەڕێوەبەری گشتی بانکە بازرگانیەکان، پارێزگاری هەولێر، کۆمپانیای تایبەتمەند لەبواری بەرهەمهێنانی غازی سروشتی و پاڵاوتن) بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و داتا بۆ دەست کەوتنی وەڵامی ئەو پرسیارانەی لەسەر شەفافیەتی داهاتەکانی نەوت و داهاتە ناوخۆییەکان ئاراستە دەکرێن، هەروەها بە مەبەستی دەست نیشانکردنی خاڵە لاوازەکان و پێشکەشکردنی پێشنیازی گونجاو بۆکەمکردنەوەی خەرجیەکان و زیادکردنی داهاتەکان ئەم راپۆرتەمان ئامادە کرد ، کە لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بۆئەوەی بتوانێت مانگانە کورتهێنانی نەبێ لە خەرجییەکان ، مانگانە پێویستمان بە نزیکەی بڕی (٢٥٠) دووسەد و پەنجا ملیار دینار هەیە ، جا ئەمە چ لەڕێگەی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت بێت یان زیادکردنی داهاتەکان.

- **ئەم راپۆرتە سەرەتایەکە و لە ئایندەدا بەدواداچوونی زیاتر بۆ سەرجەم سێکتەرەکان دەکەین و پێشنیازی گونجاو دەخەینە روو.**
- **بەشێك لە داتا و زانیاری و ناوی کۆمپانیاکانمان نەخستە روو ، ئەمەش بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان.**
- **ئەم هەوڵەی ئێمە لەچوارچێوەی پشتیوانی کردنی هەوڵەکانی دیکەی هاوڕێ پەرلەمانتارەکانمانە کە پێشتر لەو بوارە داویانە.**

# تەوەری یەکەم

## وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی پەیوەندییان بە سیاسەتی پرۆسەی نەوت هەیە لە هەرێمی کوردستان

ئەوەی پەیوەستە بە مەسەلەی پرۆسەی نەوتی هەرێم گەیشتینە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

**یەکەم:** بڕیاری فرۆشتنی نەوتی هەرێم بەسەربەخۆ دوای ئەنجامدانی زنجیرەیەك کۆبوونەوەی باڵا درا، سەرەتا سەرجەم هێزە سیاسییەکان لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێم لە بەرواری (٢٠١٥/٥/٢١) کۆبوونەوە، دواتر ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری نەوت وگاز بەسەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان و لیژنە پەیوەندیدارەکان لە هەردوو پەرلەمانی هەرێم و نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی بەغدا بۆ هەمان پرس لە ئایاری ٢٠١٥ کۆبوونەوە، هەروەها ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز لە ئەنجومەنی وەزیران جارێکی دی لە گەڵ نوێنەری حزبەکان بۆ هەمان پرس کۆبووەوە، هەموو ئەمانەش لە پێناو دروستکردنی کۆدەنگی بوو بۆ بڕیاردان لە سەر فرۆشتنی نەوت بە شێوەی سەربەخۆ. لە ئەنجامدا لە بەرواری (٢٠١٥/٦/١٥) گرێبەستی فرۆشتنی نەوت لەگەڵ دوو کڕیاری نێودەوڵەتی بەسەربەخۆ واژۆکراو لە (٢٠١٥/٦/٢٤) دەست بە فرۆشتنی یەکەم کارگۆی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای بەندەری جەیهان کرا.

ئەمەش دوای ئەوە هات کە حکومەتی عێراق ئامادە نەبوو مانگانە بڕی یەك ترلیۆن و دووسەد ملیار دینار بۆ هەرێم بنێرێت، کە بە پێی ئەو ڕێککەوتنەی لە گەڵ بەغدا کرابوو، دەبوایە مانگانە ئەو بڕە پارەیە بداتە هەرێم لە بەرامبەریشدا هەرێم ڕۆژانە (٥٥٠) هەزار بەرمیل نەوت لە ڕێگەی سۆمۆ بنێرێت، لەو ڕێژەیە (٣٠٠) هەزار بەرمیل لە نەوتی کەرکوك و (٢٥٠) هەزار بەرمیل لە نەوتی کێڵگەکانی کوردستان، بەڵام بە پێی ڕێککەوتنەکە دەبوایە بە تێکڕای ئەو ساڵە ڕۆژانە بکاتە (٥٥٠) هەزار بەرمیل ، هەرێمی کوردستان لە مانگی ئایاری ٢٠١٥ ڕۆژانە بری (٥٥٠) هەزار بەرمیلی بە تەواوی بۆ سۆمۆ نارد، بەڵام بەغدا تەنها (٥٠٨) ملیۆن دۆلاری بۆ هەرێم نارد لەو مانگە، ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێت، ئەگەر هەرێم بەردەوام نەوتی خۆشی لە ڕێگەی سۆمۆ ناردبا بەو برەشی کە ڕێکەوتنی لە سەر کرابوو، ئەوا هەر ئامادە نەبوون مانگانە یەك ترلیۆن و دووسەد ملیار بۆ ئێمە بنێرن، ئەو ڕاستییەش لە کۆبوونەوەیەکی وەفدی هەرێم لە گەڵ بەغدا ئەو کاتە ڕوون بۆوە کە یەکێك لە ئەندامانی وەفدی هەرێم لێی پرسیبوون: ئەگەر ئێمە ڕۆژانە بری (٥٥٠) هەزار بەرمیل بنێرین ئێوە ئامادەن تەواوی پارەکەمان بۆ بنێرن؟. ئەوان لە وەڵامدا گوتیان نەخێر، چەند پارەمان ناردووە هەر دەتوانین ئەوەندە بنێرین. لە شەش مانگی یەکەمی

ساڵی ٢٠١٥ دەبوایە ، بەغدا بڕی حەوت تریلیۆن دینار بۆ هەرێم بنێرێت، کەچی دوو تریلیۆن و دووسەد و هەشتا ملیار دیناری ناردووە. تەنانەت ئەو نەوتەی کە هەرێم داویەتە بەغدا ئەگەر بە پارە حیسابی بکەین دەکاتە نزیکەی چوار تریلیۆن، واتە بەغدا تەنها نزیکەی نیوەی پارەی ئەو نەوتەی ناردووە کە ئێمە داومانەتە سۆمۆ.

بۆیە لێرەدا دەپرسین: ئایا بڕیاری فرۆشتنی نەوت بە کۆدەنگی بووە؟ ئەگەر وایە بۆچی سکاڵا یان گلەیی هەیە لەم سیاسەتەدا؟ وە چۆن دەتواندرێ لێپرسراویەتی ئەم بڕیارە هەموومان لە ئەستۆی بگرین و سکاڵا و کەمو کورییەکانی نەهێڵین؟

**دووەم:** بە پێی ئەو گرێبەستەی کراوە بۆ فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان سەرەتا دەبێ هەرێم رۆژانە (٥٢٥,٠٠٠) پێنج سەدو بیست و پێنج هەزار بەرمیل نەوت بفرۆشێت و دواتر ئەو رێژەیە بەرز دەبێتەوە تا مانگی دوازدەبۆ (٦٠٠,٠٠٠) شەشسەد هەزا بەرمیل رۆژانە، دواتر بەردەوام دەبێ تا حوزەیرانی (٢٠١٦) بگاتە (٧٥٠,٠٠٠) حەوت سەدو پەنجا هەزار بەرمیل رۆژانە. وە لەکاتی واژۆکردنی گرێبەستەکە نرخی نەوتی برێنت بۆ هەر بەرمیلێك (٦٥) شەست و پێنج دۆلار بووە.

لە بەرامبەردا کۆمپانیا مانگانە بڕی زیاتر لە (٨٠٠) هەشتسەد ملیۆن دۆلار بۆ هەرێم دابین دەکات، ئەگەر هەرێم بتوانێ رۆژانە (٩٠٪)ی ئەو پێنج سەدو بیست و پێنج هەزارەش نەوت بنێرێت ئەوا کۆمپانیا ئەو برە پارەیە هەر دەدات، بەڵام ئەگەر نەتوانرا رۆژانە ئەو برە بنێردرێت، ئەوا چەند بەرمیل نەوت رۆیشتووە کۆمپانیا ئەوەندە پارە دەدات. بە پێی گرێبەستەکە ئەگەر نرخی نەوت زیاتر دابەزێت لەوەی کە هەیە ئەوا کۆمپانیا بڕی هەشت سەدو شازدە ملیۆن دۆلار بۆ هەرێم هەر دابین دەکات، ئەو برە پارەیەش کە لە ئەنجامی دابەزینی نرخی نەوت دروست دەبێت وەکو پارەی پێشەکی دەدرێت و لەسەر هەرێم دەبێتە پارەی پێشەکی. لە کۆی ئەو (٨٠٠) هەشتسەد ملیۆن دۆلارە نزیکەی (١٠٠) سەد ملیۆن دۆلار بۆ کۆمپانیاکان و گواستنەوەیە، ئەوەی دیکەش کەدەمێنێتەوە بۆ موچە خەرج دەکرێت ، کە نزیکەی مانگانە (٧٠٠) حەوتسەد ملیۆن دۆلارە.

**سێیەم:** هەرێمی کوردستان لە ماوەی مانگی حوزەیران تا مانگی ئەیلول لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان بڕی (٤٩,٦١٨,٧٥٩) بەرمیل نەوتی فرۆشتووەو پارەکەشی دوای لێدەرکردنی حەفتاو پێنج ملیۆن دۆلاری کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت بریتی بووە لە (٢,٠٩١,٦٦٧,٠٠٠) دوو ملیارو نەوەدو یەك ملیۆن و شەش سەد و شەست و حەوت هەزار دۆلار ، بەگوێرەی راپۆرتی دارایی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

بەم پێیەش هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە بڕی نەوتی پێویست بەگوێرەی گرێبەستەکە هەناردە بکات ، بەڵام لەبەرامبەردا کۆمپانیاکە پارەی تەواوی داوەتە هەرێم ، ئەمەش بۆتە هۆی بەرزدردنەوەی قەرزی کۆمپانیاکە لەسەر هەرێم.
بۆ نموونە بە وتەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە (٧/١٥ تا ٨/١٥) ی ٢٠١٥ تەنها (١٠) دە ملیۆن بەرمیل فرۆشراوە کە رۆژانە دەکاتە (٣٣٠,٠٠٠) سێ سەدو سی هەزار بەرمیل ، ئەمەش بە هۆی ئەوە بووە کە بۆ ماوەی (١٦) شازدە رۆژ بۆڕی نەوت لەکارکەوت بە هۆی تەقاندنەوەی بۆڕیەکە. هەرچەندە توانای هەرێم بۆ بەرهەمهێنانی نەوت بە بەراورد لە گەڵ عێراق لە ئاستێکی باش دابووە ، بۆ نموونە لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵ هەرێم توانیویەتی (١٨) هەژدە ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێت، بەغدا توانای بەرهەمهێنانی لەو مانگە بریتی بووە لە (٩٠) نەوەد ملیۆن بەرمیل. ئەگەر ئەمە بە رێژەی سەدی حیساب بکەین، رێژەی هەرێم بریتیە لە نزیکەی (٢٠٪) ی توانای ئینتاجی عێراق ، بەم پێیەش هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە نەتوانراوە بە فرۆشتنی (٢٠٪)ی نەوتی عێراق قەیرانی دارایی چارەسەر بکرێت، بریتیە لە دابەزینی نرخی نەوت، چونکە لەو مانگە نرخی نەوتی سۆمۆ بە (٣٩) دۆلار بووەو ئەگەر نرخی نەوتی کوردستان لەسەر ئەم بڕە هەژمار بکەین دەکاتە تەنها (٦٥٠) شەشسەد و پەنجا ملیۆن دۆلار.
بۆیە کاتێك دەپرسین کە بۆچی لە مانگی نیسان حکومەتی هەرێم توانیویەتی لەرێگای بەغدا (٥٧٣) پێنج سەد و حەفتا وسێ هەزار بەرمیل هەناردە بکات بەڵام دواتر ئەم رێژەیە دادەبەزێت؟ وەڵامی لایەنی پەیوەندیدار ئەوەیە کە بۆماوەی (١٦) رۆژ هەناردەی نەوتی هەرێم وەستاوە بەهۆی شکاندنی بۆڕیەکە.
ئەو دوو کۆمپانیایەی کە نەوتەکە دەگوازنەوە ، کۆمپانیای (A) لە سەرەتای گرێبەستەکە (٦٦٥) شەشسەد و شێست و پێنج ملیۆن دۆلار قەرزی لای هەرێمی کوردستان بووە، بەڵام دوای چوار مانگ ، واتە لە (٢٠١٥/٦/١٥) تاکو (٢٠١٥/١٠/١٥) قەرزەکە بەرزبۆتەوە بۆ نزیکەی (١,٠٥٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیارێك و پەنجاوپێنج ملیۆن دۆلار. هەروەها کۆمپانیای (B) لەسەرەتای گرێبەستەکە (٤٢٠) چوارسەد و بیست ملیۆن دۆلار قەرزی لای هەرێمی کوردستان بووە ، دواتر لەماوەی چوار مانگدا بەرزبۆتەوە بۆ (٤٩٠) چوار سەد و نەوەد ملیۆن دۆلار.
کەواتە کەمی هەناردەکردنی نەوت و دابەزینی نرخی نەوت وای کردووە رێژەی قەرزی کۆمپانیاکان بەرز ببێتەوە، ئەمەش گرفتە بۆ حکومەت.

**چوارەم:** تا مانگی ئەیلولی ٢٠١٥ نەوتی بەرهەمهاتوو لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکور لە رێگای سۆمۆ نێردراوە، بەڵام لە مانگی ئەیلول بەدواوە هیچ برە نەوتێك بە نەوتی بەرهەمهاتوو لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوریشەوە لە رێگای سۆمۆ نەنێردراوە بەگوێرەی خشتەی وەزارەتی پەیوەندیدار، بە پێی بە دواداچوونی ئێمە عێراق خۆی ئەو (١٥٠) سەدوپەنجا هەزار بەرمیل نەوتەی وەرنەگرتوە. بەپێی بەدواداچوونی

ئێمە بۆ هۆکاری وەرنەگرتنی ئەو بڕە نەوتە لەلایەن سۆمۆ دەگەڕێتەوە بۆوەی کە بەغدا پێی وایە ئەوە بەشێکە لە شایستەکانی هەرێم بەپێی یاسای بودجە.

ئەوەی لە کاتی ئێستا ئێمە بە عێراق دەبەستێتەوە، بریتیە لە خەرجییەکانی حاکیمە (النفقات الحاکمة) کە بریتین لە چەند خەرجییەك ، لەوانە پارەی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و دابینکردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا و کڕینەوەی وزەی کارەبا و هەڵبژاردن و پارەی گەنمی جوتیاران و بەشە خۆراکیماڵان کە ئەمەش ساڵانە یەك ملیارو سەد ملیۆن دۆلار دەکات بۆیە بوونی پردی پەیوەندی لە گەڵ عێراق لەم روانگەوە گرنگە، چونکە بڕینی ئەمانە کێشەی زۆر گەورە بۆمان دروست دەکات. هەر لەبەر ئەوەیە هەرێم پابەندە بەوەی رۆژانە (١٥٠) سەدوپەنجا هەزار بەرمیل نەوت رادەستی سۆمۆ بکات لەو رێژەیەی کە رۆژانە هەناردەی دەکات بەبێ وەرگرتنی هیچ بەرامبەرێك لەبەرامبەر بەکارهێنانی بۆڕی گواستنەوەی نەوتی کوردستان.

**پێنجەم:** سەبارەت بە نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێمی کوردستان وەك ستانداردێکی کارپێکراو لەبازاڕی فرۆشتنی نەوتی جیهانی هەمیشە نرخی فرۆشتنی بەرمیلێك نەوت چەند داشکاندنێکی بۆ ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە سەبارەت بە نرخی فرۆشتنی نەوتی هەرێم نزیکەی (١٠) دە دۆلار کەمترە لە نرخی بەرمیلێك نەوتی برێنت، بۆ نموونە ئەگەر نەوتی برێنت بە (٤٥) چل و پێنج دۆلار بێت ئەوا نرخی نەوتی هەرێم بە (٣٥) سی وپێنج دۆلار دەبێت هۆکارەکەشی بە وتەی شارەزایان ئەوەیە کە (٥) پێنج دۆلار لەم (١٠) دە دۆلارەی کە کەمترە لە نرخی برێنت بە هۆی کوالیتی نەوتی هەرێم ، واتە کوالیتیەکەی کەمترە لە نەوتی برێنت، هەروەها (٣،٧٥) بۆ تێچوونی تەئمین و پێدانی پارەی پێشوەختە لەلایەن کۆمپانیاکانی فرۆشتنی نەوت. هەروەها (١،٢٥) بۆ کرێی بەکارهێنانی بۆڕی گواستنەوەیە بۆ تورکیا هاوشێوەی ئەو بڕە پارەیەی کە کۆمپانیای سۆمۆ دەیدات.

**شەشەم:** هەموو کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم لەکاتی ئێستادا بەرهەمهێنانی بازرگانییان نییە ، بۆیە کاتێك کە باسی توانای بەرهەمهێنانی نەوت دەکرێت لە هەرێم هەموو ئەوەی کە هەیە دەرناهێنرێت، بەشێکی بیرە نەوتەکان هێشتا لە قۆناغی پێش بەرهەمهێنانی بازرگانین و ئامادە نین بۆ هەناردەکردن یان نەگەیشتوونەتە ئاستی بەرهەمهێنانی بازرگانی، یان بەشێکی دیکە کە توانای (٤٥,٠٠٠)چل و پێنج هەزاربەرمیلی رۆژانەی هەیە تەنها (٤٠,٠٠٠) بەرمیل دەردەهێنرێت، ئەمەش لەبەر بوونی ئاوو موادی دی تیایدا.

**حەوتەم:** بە وتەی لایەنە پەیوەندیدارەکان ، پارەی داهاتی نەوت دێتە سەر حیسابی تایبەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بانکی هالك بانك لە تورکیا، ئینجا دێتە بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی و پرۆسەی گۆڕینەوەی پارە لە دۆلار بۆ دینار کاتی پێویستە، بۆیە کە کۆمپانیا پارەکە دەدات چەند رۆژێکی دەوێت تا بتوانرێت دابەش بکرێت،

هەروەها کۆمپانیا زیاتر لە (٨٠٠) هەشتسەد ملیۆن دۆلار بە یەك گوژمەنادات ، بەڵکو بە ش بەش دەیدات لە ماوەی ئەو مانگەو هەر جارەی مەبلەغێك دەنێرێت. ئەم رێکارە لەئێستادا وەستاوە بەهۆی کێشە سیاسییەکانی ناوخۆی هەرێم. بەڵام لە ئێستادا کۆمپانیاکان پارەکانیان لە دەرەوەی هەرێم دەنێرنە ئەو حسابە تایبەتیانەی بانکی نێودەوڵەتی کوردستان(KIB) لەوێوە دێتە سەر حسابی حکومەتی هەرێم لە بەنکی کوردستان لە هەولێر.

**هەشتەم:** دوای بە دواداچوونمان بۆ بانکی کوردستان بۆمان دەرکەوت کە بانکی کوردستان حسابێکی بە ناوی (١٧٠٢) بۆ پارەی نەوتی بۆری کردۆتەوەو بە گوتەی بەرپرسانی بانکەکە ، هەموو ئەو پارانەی دێن یەکسەر تەحویلی لقی هەولێری بانکی ناوەندی بەغداد دەکرێت لەهەرێم بۆ دابەشکردنی موچە و بەهیچ جۆرێك لەبانك نامێنێتەوەو پارەی پاشەکەوت نییە. لەکاتی سەردانمان بۆ بانکی کوردستان بۆمان دەرکەوت تەنها بڕی (١,٠٨٧,٣٢٤,٠٦١) یەك ملیۆن و هەشتاو حەفت هەزارو سێ سەدو بیست و چوار دۆلارو شەست و یەك سەنت لە رەسیدی سامانە سروشتیەکان بوونی هەبووە. ئەمەش لەرێگای پێشکەشکردنی دیکۆمێنتەکانی کەشفی حساباتی حکومەت. جگە لەوە بانکی کوردستان چەند حیسابێکی تری تایبەت بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بوونی هەیە، بۆنموونە حیسابێك کراوەتەوە بە بێ رەصیدو پارەی چەکی کرینی گازوایل و سوتەمەنی لە سەر راکێشراوە، حسابێکی دی بە ناوی (OPF) هەیە کە پارەی موچەی هەردوو لیوای تایبەت بە پاراستنی بۆڕیە نەوتیەکانی دەچێتە سەر، وە حسابێکی تر هەیە باجی هاتووچۆی تانکەرەکانی دەچێتە سەر کە دەبنە هۆی تێکدانی رێگا وبانەکان بۆ هەر تانکەرێك کە بەروبوومەکانی نەوت دەکرن و دەگوازنەوە بڕی (٧) دۆلار وەردەگیرێت بۆ هەر (طن)ێك. بەڵام بە وتەی لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم حسابەش سفرە بەهۆی ئەوەی ئەم پارەیەش دەچێتەوە سەر مووچە.

لەبانکی کوردستان تایبەتە بەپارەی بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی نەوتی (هەولێر ، دهۆك ، سلێمانی ، نەوت و کانزاکانی کۆیە) چوار حساب کراوەتەوە بە ژمارەکانی (٥٠٠١٥٦٥)-هەولێر ، (٤٢٦٣٥٢١)-دهۆك ، (٣١١٣٣٠٩)-سلێمانی ، (٥٠٠١٥٦٦)-کۆیە. ئەم داهاتە لە پێشوو دەچووە بانکە حکومییەکان، بەڵام بە نووسراوی ژمارە (٨٦٨٠)ی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە (٢٠١٤/٧/١٠) بڕیاردرا ئەم داهاتەش بچێتە بانکی کوردستان.

بەنزینخانە ئەهلیەکان کە بەرهەمەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتیەکان وەردەگرن پارەکە راستەوخۆ دەبەن بۆ بانکی کوردستان کە بۆ هەر چەکێك کاتێك پارەکە داخل دەکات بانکی کوردستان (١٠) دە هەزار دینار عمولە وەردەگرێت. دواتر بانکی کوردستان بە نووسراو داوا دەکات پارەکە بگوازرێتەوە سەر حسابی ژمارە (١٧٠٢)ی وەزارەت ، وە بەڕێوەبەرایەتیەکان ناتوانن ئەم پارەیە رابکێشن ، بەڵکو پارەکە لەوێ کۆدەبێتەوە.

بۆ نموونە: داهاتی (٩) نۆ مانگ و نۆ رۆژی بەڕێوەبەرایەتیەکان بریتیە لە (١,٤٠٤) یەک تریلیۆن و چوارسەد و چوار ملیار دینار، بە وتەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئەم داهاتە بۆ دەعمی گازوایل و بەنزینە (بۆ کەمکردنەوەی نرخەکەی) و نەوتی سپی و بەشێکیشی بۆ موچە خەرج دەکرێت. بەڕای ئێمە ئەم پرسە پێویستی بە چاودێری و بەدواداچوونی ورد هەیە و بڕیار وایە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان زانیاری ورد لە سەر ئەم بابەتە بۆمان ئامادە بکات کە لەسەرەتای گواستنەوەی ئەم داهاتە بۆ بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی تا (٢٠١٥/١١/١)مان بۆ کۆبکاتەوە و لەبەرامبەریشدا ئەو بوارانەمان پێ بڵێ کە ئەو پارەیەی تێدا خەرج کراوە.

## تەوەری دووەم

# کـێـشـــــەی بەنـــــزیـــن

ڕێژەی پێداویستی بەنزین لە هەرێمی کوردستان بەردەوام لە زیاد بووندایە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٠ پێویستی شاری سلێمانی بۆ بەنزین بریتی بوو لە نیو ملیۆن لیتر لە رۆژێکدا، بەڵام لە ئێستا رۆژانە دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار بۆ ئەو شارە پێویستە.

پاڵاوگەی کەورگۆسك رۆژانە دوو ملیۆن و دووسەد هەزار لیتر بەنزین بەرهەمدەهێنێت و پاڵاوگەی بازیان یەك ملیۆن لیتر، بەڵام پێویستی رۆژانەی بەنزین لە هەرێم بریتە لە نزیکەی حەوت ملیۆن لیتر بەنزین، واتە پێوستمان رۆژانە بە سێ ملیۆن و نیو لیتر بەنزینە کە هاوردەی بکەین لە دەرەوە، بۆ ئەم هاوردەیەش حکومەت ساڵانە بە بڕی (٦٠٠) شەشسەد ملیۆن دۆلار دەعمی نرخی بەنزین دەکات.

| ز | ناوی پاڵاوگە | بڕی بەرهەمهێنانی رۆژانە | بڕی هاوردەکراو (مدعوم) رۆژانە/لتر |
|---|---|---|---|
| ١ | بـــازیـــان | ١,٠٠٠,٠٠٠ | ٣,٥٠٠,٠٠٠ |
| ٢ | کەورگـۆسك | ٢,٢٠٠,٠٠٠ | |

بەمەبەستی سنوردانان بۆ کێشەی بەنزین پێمان باشە:

١- دانانی گومرگی زیاتر لە سەر ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە شەش پستۆن بەسەرەوەن، بە شێوەی تصاعدی. بۆ ئەوەی خەرج کردنی بەنزین کەمبکەینەوە.

٢- دانانی باجی رێگا هاوشێوەی وڵاتانی دونیا، بۆ چاکردنەوەی رێگاکان و پاراستنی ژینگە مەبلەغێك وەربگیرێت.

٣- پەلە بکرێت لە کردنەوەی سێ پاڵاوگەی تازە لە هەولێرو سلێمانی و دهۆك.

# تەوەری سـێیەم

## ڕۆیشـتـنـی نـەوت بە تـانکـەر

ڕۆیشتنی نەوت بە تانكەر یەكێكی ترە لەو كێشانەی كە ئێمە دەرفەتمان نەبوو لەم ماوە كورتە بە دواداچوونی وردی بۆ بكەین. ئەوەی ڕوون و ئاشكرایە ئەوەیە كە بەشی زۆری ئەو تانكەرانەی كە جوڵە دەكەن پەیوەستن:

١- بە گواستنەوەی گازوایل و نەوت بۆ ناوخۆی هەرێم بۆنموونە ڕۆژانە (٢٨,٠٠٠) بیست و هەشت هەزار بەرمیل نەوتی خام دەگوازرێتەوە بۆ پاڵاوگە بچوكەكان.
٢-ڕۆژانە (٣٥) سی و چوار هەزار بەرمیل بە تەنكەر دەچێتە پاڵاوگەی بازیان.
٣-ڕۆژانە (٩) نۆ ملیۆن لیتر گازوایل بۆ وێستگەكانی كارەبا دەگوازرێتەوە.
٤-گواستنەوەی گازوایل بۆ مولیدە ئەهلیەكان.
٥-ڕۆیشتنی نەفتاو نەوتی ڕەش بۆ دەرەوەو هێنانی بەنزین لە دەرەوە، كە بەشی هەرە زۆری ئاڵوگۆرە(سوات).
٦-گواستنەوەی نەوتی سپی ماڵان بۆ پارێزگا و قەزا و ناحیەكان.






پاڵاوگەی مۆڵەت پێنەدراو( بچوکەکان ):



لە بەرامبەر ئەم كارە، پاڵاوگەكان نزیكەی ١٥ هەزار بەرمیل گازوایل بۆ بەرامبەر دەدەن بە حكومەت، حكومەتیش بەبێ بەرامبەر نەوتی خاو دەفرۆشێت بە مقاول بە ڕێگای زیادكردنی ئاشكرا، ئەوانیش دەیدەن بە پاڵاوگەكان.

مشتەقاتەكە خۆیان دەیفرۆشن ، كە رۆژانە (١٠٠) تانكەرە. زۆربەی ئەو موشتەقاتانەش بە تانكەر دەبردرێتە دەرەوە.

## نەوتی قورس:

- ئەم نەوتە بە بۆڕی نانێردرێت.
- رۆژانە (٥٠ – ٦٠) تانكەر دەچێتە دەرەوەو ئاڵوگۆری پێدەكرێت لە گەڵ گازوایل.




## گۆڕینەوەی نەوتی خــــــــــام:

لە خەزانەكانی كوردستان لە دەرەوە رۆژانە نەوتی خاو ئاڵوگۆڕ دەكرێت بە گازوایل و نەوتی سپی. رۆژانە ملیۆن و نیوێك لیتر گازوایل و و نیو ملیۆن لیتر نەوتی سپی وەردەگرێت ، كە دەكاتە (٧٠) تانكەر.



## بەنزین و گازوایلی بازرگانی:

رۆژانە (٥) پێنج ملیۆن لتر دێتە هەرێمی كوردستان بەمەبەستی بازرگانی كردن (جگە لەوەی بۆ كەركوك دەچێت كە دوو ملیۆن لیترە) تێكرا دەكاتە (٧) ملیۆن لیتر رۆژانە بەم پێیەش رۆژانە دەكاتە (٢٥٠) تانكەر.




## غـــــــازی شــــــل: (LPB)




كۆی گشتی تانكەر لە كوردستان رۆژانە بە نزیكەیی زیاتر لە (١٣٣٠) تانكەر لەئاستی ناوخۆ و دەرەوە لە جووڵەدان. لەو رێژەیە(٥٢٠) تانكەر بۆ دەرەوەی كوردستان دەڕوات. و ئەو تانكەرانە بە بەردەوامی نیوەیان بە تاڵن.

لێرەدا پێمان وایە جوڵەی ئەو تانكەرانە بەم رێژە گەورەیە ، مەترسییەكی گەورەیە لەسەر ژینگە و رێگا وبان ، هەروەها ئەگەر چاودێریی ورد نەكرێت دەبێتە دەرگایەكی گەورەی گەندەڵی .

كەواتە لێرەدا چەند پرسیارێك سەر هەڵدەدەن:

- كێ چاودێرە لەسەر ئەم پرۆسە ئاڵۆزە لە پێدانی نەوت بە كۆمپانیا ناوخۆییەكان؟
- كێ چاودێرە بەسەر پرۆسەی ئاڵوگۆڕ؟ كە رۆژانە ئەنجام دەدرێت و رۆژانە نرخی نەوت و لە هەڵبەزین و دابەزینە؟.
- لە زۆربەی قۆناغەكانی ئاڵوگۆڕ پارە وەرناگیرێت، جگە لە (١٧) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك كە دەدریت بە بازیان و كەورگۆسك، هەرچەندە لە بەدواداچوونمان بۆمان دەركەوت ئەوانیش ساڵێك دەبێت هیچ برە پارەیەكیان وەرنەگرتووە. كەواتە ئەو پارەیەی بە دەست دێت لە فرۆشتنی بەرووبوومی نەوت لە بانكی كوردستان دادەنرێت، وردەكاریەكەی چەندەو چۆنە؟ كە بە وتەی وەزارەت بۆ دەعمی گاز و بەنزین خەرج دەكرێت.

**بەمەبەستی چارەسەری کێشەکانی نەوت بە تانکەر پێشنیار دەکەین:**

١- لە پێناو شەفافیەتی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە ئێمە پێشنیار دەکەین وردەکاری تەواو لەم بارەیەوە بڵاو بکرێتەوەو لێژنەیەکیش لە چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە پێکبهێنرێت و پشتراستی زانیاری و وردەکاریەکان بکاتەوە.

٢- هەروەها گواستنەوەی نەوت لە شیواشۆك بۆ بازیان بکرێتە بۆری ئەمەش هەم بۆ جادەو ژینگە باشە هەم خەرجیشی کەمترە ، بەجۆرێك پارەی ساڵێك بۆ گواستنەوە (٢٠) بیست ملیۆن دۆلارە ، بەستنەوەی بۆرییەکە لە شیواشۆك بۆ بازیان (٦٠) شێست ملیۆن دۆلاری دەوێت. واتە پارەی (٣) سێ ساڵ گواستنەوە دەکاتە پارەی بەستنەوەی بۆرییەکە.

٣-کۆی داهاتی بەدەست هاتوو لە ڕێگای تەنکەر لەگەڵ کۆی خەرجیەکان مانگانە لەشێوەی ڕاپۆرتێك بڵاوبکرێتەوە.

٤- هەروەها بوونی فلۆمیتەر لەسەر بەرهەمەکانی دوای ئینتاجی نەوت گرنگە بوونی هەبێت.

# تەوەری چـــــوارەم

## کێشەی کارەبا و پێشنیازەکانی چارەسەر

بە پێی لێدوانی بەرپرسانی کارەبا خەرجی کارەبا ساڵانە سێ ملیارو چوارسەد ملیۆن دۆلارە، بەڵام داهاتی کۆکراوەی ساڵانەی کارەبا لە باشترین حاڵەت دەگاتە (٣٠٠) سێسەد ملیۆن دۆلار. ئەمە لە کاتێك دا خەرجی کارگێری وەزارەتی کارەبا بە موچەکانیانەوە بریتیە لە (٢٠٠) دووسەد ملیۆن دۆلار.
بەشی گەورەی خەرجی کارەبا بریتیە لە کرینی گازوایل (دیزل) بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لەلایەن کەرتی تایبەت کە ساڵانە دەکاتە دوو ملیار دۆلار، چونکە بەپێی گرێبەستی ئەو وێستگانە دابینکردنی سووتەمەنی لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ، ئەگەر لە جیاتی دیزل بۆ وێستگەکانی کارەبا غازی سروشتی بەکار بهێنرێت ئەوا خەرجی ئەو دوو ملیارە بۆ نیو ملیار کەمدەبێتەوە.
تا ئێستا نزیکەی (٦١) شەست و یەك ملیۆن دۆلار کرێی کارەبای تورکیا قەرزارین. ئەمە جگە لە هەندێ قەرزی ناوچەی پێنجوێن کە هی وڵاتی ئێرانە.

نرخی فرۆشتنەوەی کارەبا لە هەرێم بۆ بەشداربووانی تۆڕی خزمەتگوزاری کارەبای نیشتیمانی یەك کیلۆ واط بە (١٥) دینار دەدرێتە هاووڵاتی ، ئەمە لەکاتێکدایە نرخی یەك کیلۆ واط لەسەر حکومەت بە (٢٠٠) دینار دەوەستێت. ئەگەر ئەم نرخەی کارەبای هەرێم بەراورد بکەین لەگەڵ وڵاتی تورکیای دراوسێ دەبینین نرخی یەك کیلۆ واط لەوێ بە (١٣) سەنتە کە لە هەرێمی کوردستان تەنها یەك سەنتە.

ئێمە پێمان وایە گرانکردنی نرخی کارەبا لەم دۆخە لە سەر خەڵکی لە جێگای خۆی دانیە، بەڵام پێدانی کارەبا بۆ کۆمپانیاکان و شوێنە پیشەسازیەکان و پرۆژەکانی مۆڵەت پێدراو لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، هەروەها نرخی کارەبا بۆ ئەوانەی ڕێژەیەکی زۆر بەکاردەهێنن زیاتر بێت لەوەی کە ئێستا هەیە ، پێمان وایە لەدوای کۆتایی هاتنی قەیرانی دارایی پێداچوونەوەیەکی گشتی بە نرخی کارەبا و تەواوی سێکتەری کارەبا بکرێت.

لە لایەکی دی بە کارهێنانی کارەبا زیادی کردوە، بەهۆی کەمپی ئاوارەکان کە نزیکەی (١,٦٠٠,٠٠٠) – (١,٨٠٠,٠٠٠) ئاوارە لە هەرێمن کەدەکاتە (٣٠٪) لە ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم زیادی کردووە. وە هەرێم (٤٥٪)ی کۆی ئاوارەکانی عێراقی تێدایە و بەناوچە کوردستانیەکان دەگاتە (٦٠٪) لەکاتێکدا هەموو بەغدا (٢٠٪)ی ئاوارەی عێراقی لەخۆ گرتووە( بۆ ئەم ئامارانەی پەیوەست بە ئاوارەکان پشتمان بەستووە بە لێدوانی وەزارەتی پلانی حکومەتی هەرێم و کۆچ و کۆچبەرانی عیراق). جا ئەم ڕێژەیە لە کارەبا کە بۆ کەمپەکان دەچێت ئەوەشی کە بۆ ڕووناککردنەوەی شەقامەکان و بیر و وێستگەکانی ئاو بەکاردێت بە کارەبای بزربوو (Lose) ئەژمار دەکرێت.

ئێستا لەکۆی سێ وێستگەی بەرهەمهێنان ، کارەبا یەک دانەیان (کۆمباین سایکل)ـە کە بەگەرمی کاردەکات، بەکارخراوە لە هەولێرە ، ئێستا کار لە وێستگەی سلێمانی دەکرێت بۆ بەکارخستنی، پێویستە لە ئایندەدا کار لە وێستگەی دهۆک بکرێت چونکە بەکارکەوتنی (کۆمباین سایکل) هاوکارە بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی گاز ، ئەمەش هاوکارە بۆ کەمکردنەوەی خەرجیی و زیادکردنی داهات کە بەهەموو پێوەرێک دەبێت بۆ ساڵی ئایندە بەکارهێنانی گاز کەم بکرێتەوە.

واتە بەکورتی ، بڕی تێچووی کڕینی گازوایل ساڵانە بریتییە لە (٢) دوو ملیار دۆلار ، وە بڕی تێچووی کڕینی کارەبا ساڵانە بریتییە لە (١) یەك ملیار دۆلار. لەکۆی کارەبای هەرێمی کوردستان نزیکەی (٥٠٪)ی بزر بووە لەو (٥٠٪)یەی کە دەمێنێتەوە ئەگەر ئێمە (٢٥%)یش بەکار بهێنین نرخی هەموو کارەباکە لەسەرمان حسابە. ئەمەش وایکردووە کۆی خەرجیی کارەبای کوردستان ساڵانە لەسەرووی (٣) سێ ملیار دۆلار بێت ، بەڵام داهاتەکەی تەنها (٣٠٠) سێسەد ملیۆن دۆلارە ، ئەمەش تەنها بەشی تێچووی بەکاربردنی وەزارەتی کارەبار دەکات.

## تێچووی کـــــارەبا

گـــــاز
دوو مليار دۆلار
+
کـــرین
يەك مليار دۆلار
=
سێ مليار دينار

**خەرجيی وەزارەت** ⟵ ( ٢٠٠ ) دووسەد مليۆن دۆلار.

**داهاتی کارەبـــا** ⟵ ( ٣٠٠ ) سێسەد مليۆن دۆلار.

### لەم ڕووەوە ئەم پێشنیازانە دەخەینە ڕوو:

١- لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە لە ئایندەدا بەرهەمهێنان و دابەشکردنی فرۆشتنی کارەبا بدرێتە کەرتی تایبەت، تەنها گواستنەوەی کارەبا لە لایەن حکومەت بمێنێتەوە. وە بەتايبەتی لەماوەی پێشوودا حکومەت پرۆژەی پێوەری زیرەکی دیراسە کردبوو بەڵام دیار نییە ئەم پرۆژەیە بەچی گەیشت.

٢- ئەو گرێبەستەی کە لە گەڵ کۆمپانیای (ماس) کراوە و هەروەها سەرجەم ئەو گرێبەستانەی تریش کە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لەلایەن کەرتی تایبەتەوە لە هەرێم دوای گرێبەستی (ماس گلۆباڵ) ئیمزا کراون ، پێداچوونەوەی پێدا بکریت، چونکە کۆمەڵێك خاڵی تێدایە لە بەرژەوەندی حکومەت دانیە. بۆ نموونە لە گرێبەستی کۆمپانیای (ماس گلۆباڵ)- (وەبەرهێنەر: ئەحمەد ئیسماعیل) ئەگەروەحدەیەکی کارەبا بە ڕێژەی پێویست بەکاریش نەهێنرێت، کە بەداخەوە چاوەڕوان کراوبوو کە بەهۆی خراپیی ژێرخانی کارەبای هەرێم لە توانادا نییە کە هەموو کارەبای بەرهەمهاتوو بەکار بهێنرێت ، ئەوا هەر دەبێ پارەی تەواوی (١٠٠٪) ی بدرێتێ. بۆ نموونە: تەنها لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤ بری (٤٢,٦٥٣) چل و دوو مليۆن و شەشسەد و پەنجا وسێ هەزار دۆلار وەك غەرامە لەسەر وەزارەتی کارەبا حيساب کراوە لەبەرامبەر وزەی ئامادە و وەرنەگیراو(واتە بەکار نەهاتوو).

٣- هيچ چاودێرییەکی وەزارەتی کارەبا نییە لەسەر صيانەکردنەوەی وێستگەکانی کارەبا ، کە بەهیچ شێوەیەك صیانە ناکرێنەوە، چونکە هەرچەند گازوایلیان پێویست بێت دابین کردنی لەلایەن حکومەت دەبێت بەپێی گرێبەستەکان، بۆیە ئەمساڵ ڕێژەی گازوایلی دابینکراو بۆ وێستگەکانی کارەبا زیادی کردوە تەنانەت وێستگە هەیە (٢٨٪) بەبەراورد لە گەڵ ساڵی ڕابردوو ڕێژەی پێویستی گازوایلی زیادی کردوە، کۆمپانیاش ئامادە نیە خەرجی لە سیانە بکاتەوە، چونکە چەندی گازوایل زیاد خەرج بکات هەر دەبێ حکومەت تەحەمولی بکات، ئەمەش پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە.

٤- تەمویل كردنی وێستگەكانی كارەبا بە گازوایل بار قورسیەكی ئێجگار زۆری لە سەر میزانیە دروست كردوەو بە پێی زانیاری ئێمە تا ئێستا نزیكەی (١٢) دوازدە ملیار دۆلار بۆ كرینی گازوایل بۆ كارەبا خەرج كراوە. سەرەڕای ئەوەی كە كڕینەوەی ئەم گازە بەپێی رێنمایی گرێبەستی حكومی ئەنجام نادرێت و هیچ بنەمایەكی كێبڕكێ و تەندەركردن و رەخساندنی بواری یەكسان بۆ هەمووان دابین ناكرێت، لە كاتێكدا دەتوانرێت لە رێگای گازی سروشتی بە مەبلەغێكی كەم كارەبای پێویست دابین بكرێت. بۆ نموونە لە ئێستادا ساڵانە بە بڕی دوو ملیار دۆلار گازوایل بۆ وێستگەكانی كارەبا دابین دەكرێت، بەڵام ئەگەر بكرێتە غازی سروشتی تەنها پێویستی بە تێچووی نیو ملیار دۆلار هەیە، بەم پێیەش یەك ملیارو نیو كەم دەبێتەوە. بۆیە پێمان وایە دەبێ ئەم بابەتە لە ئەولەویەتی كاری حكومەت دابێت ، وە حكومەت روونكردنەوەی پێویست بدات لەسەر هۆكاری دواكەوتنی دابینكردنی گازی سروشتی لەلایەن كۆمپانیای (داناغاز)ەوە.

٥- زۆر گرنگە وەزارەتی كارەبا كاربكات بۆ كەمكردنەوەی كارەبای بزر بوو (Lose).

## تەوەری پێنجەم

## پلانی داهاتوو بۆ غازی سروشتی و كێشەی بەرهەمهێنانی

١- لە دانا غاز رۆژانە (٣٣٠) مقمق(ملیۆن قدم مكعب قیاسی) غازی سروشتی بەرهەم دەهێنرێت.

هەروەها رۆژانە(١٠٠٠) تۆن LPG بەرهەم دەهێنریت، لە گەڵ بەرهەمهێنانی (١٤,٠٠٠) چواردە هەزار بەرمیل كۆندنسینت (نەفتا) رۆژانە.

ئێستا هەرێمی كوردستان لە گەڵ داناغاز لە كێشە دایەو بابەتەكەش لە بەردەم ناوبژیوانی نێودەوڵەتییە لە لەندەن. دوای بە دواداچوونمان بۆمان دەركەوت كە لە بنەماوە رێككەوتننامەی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و كۆمپانیای داناغاز لەچوارچێوەی چەند بنەمایەكی رێككەوتن بووە و نەكراوە بە گرێبەستێكی تەواو وەكو گرێبەستەكانی لەگەڵ كۆمپانیا نێودەوڵەتییەكانی نەوت لە هەرێم كراوە. پێمان وایە دەكرێت ئەم بابەتە لە چوارچێوەی گرێبەستێكی نوێ بەهەموو وردەكارییەكانەوە لە رێگای رێككەوتن و پێكهاتن چارەسەر بكرێت ، و حكومەتی هەرێمی كوردستانیش وەكو لایەنی خاوەن سیادە دەسەڵاتەكانی خۆی لەیاسای نەوت وگازی هەرێمی كوردستان بەكاربهێنێت بۆ دارشتنەوەی ئەو گرێبەستە ، بەجۆرێك زەمانەتی ئەوە بكرێت كە گازی سروشتی پێویست بۆ وێستگەكانی كارەبا دابین بكرێت و چیتر ئەو

بودجە زۆرە بۆ کڕینی گازوایل خەرج نەکرێت، چونکە داناغاز داواکەی سەبارەت بە مانەوەی بۆ (٢٥) بیست و پێنج ساڵی گرێبەستەکەیان لە دادگای ناوبژیوانی بردۆتەوە.

٢- حکومەت لە هەوڵدایە بۆ واژۆکردنی گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیای (A) بۆ بەرهەمهێنانی (٤٥٠) مقمق لە ڕۆژێکدا کە (١٥٠) مقمق تا کۆتایی ساڵی (٢٠١٧) تەواو دەبێت.
وە لەگەڵ کۆمپانیای (B) بۆ بەرهەمهێنانی (٥٠) مقمق ڕۆژانە ، لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٧) تەواو دەبێت.
مەرجە لە گرێبەستەکە بۆ سەرەتای ساڵی (٢٠١٧) (٥٠٠) مقمق تەواو بکات. وە سەرەتا (٢٠٠) مقمق بەرهەم بهێنێ بۆ کارەبا.
هەروەها لە هەولێر هەوڵ هەیە بۆ بەرهەمهێنانی (٢٠٠) مقمق/ڕۆژانە.
ئەم هەنگاوە پێویستە پەلەي لێ بکرێت و لە هەمان کاتدا چاودێریش بکرێت.

## تــەوەری شەشەم

## قــەرز و داهـــــات و مـــــووچە و باج و رسومات

### یەکەم: قەرزەکان

لە ساڵی ٢٠١٣ داهاتی هەرێم بریتی بوو لە ٢٠ ترلیۆن دینار. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ کۆی داهاتی هەرێم بریتی بوو لە ٩ ترلیۆن دینار..
لە ساڵی ٣٠١٣ ڕێژەی کورتهێنانی بودجەی هەرێم بریتی بوو لە یەك ترلیۆن وحەوت سەدو شەش ملیار، بەڵام کورتهێنان لە ساڵی ٢٠١٤ بریتی بوو لە حەفت ترلیۆن و حەفت سەد ملیار.

**تا ئێستا هەرێم:**

١- سێ موچەی فەرمانبەران قەرزارە کە دەکاتە دوو ملیارو چوار سەد ملیۆن دۆلار.
٢- زیاتر لە سێ ملیار دۆلاری کۆمپانیاکانی نەوت قەرزارە کە دوو کۆمپانیایان نێودەوڵەتین و بڕی قەرزەکەیان (٢) دوو ملیار دۆلارە و ئەوەی تر کە (١) یەك ملیار دۆلارە قەرزی کۆمپانیا ناوخۆییەکانە ، جا یان پارەیان داوە بە حکومەت یان پارەی گازوایلە.
٣- نزیکەی شەش سەد ملیۆن دۆلاری بەڵێندەرو کۆمپانیاکانی ناوخۆیش قەرزارە.
٤- لە بانکی بازرگانی بڕی دوو ترلیۆن و یازدە ملیاری خەڵك دانرابوو، بەڵام ئەو پارەیە خەرج کراوە. کۆی گشتی ئەو پارانەی لە بانکەکان بوونەو خەرج کراوە نزیکەی ٩ ملیار دەبێت.
٥- پارەی یەك ساڵی پاڵاوگەکانی بازیان و کەور گۆسك قەرزارین.
بەم پێیەش هەرێمی کوردستان زیاتر لە ١٥ ملیار دۆلار قەرزارە.

ئەم حاڵەتە لە بانکە حکومی و تەنانەت هەندێ بانکە ئەهلیەکایش بوونی هەیە، بۆ نموونە لە بانکی عەنکاوەی حکومی (٩٠) نەوەد ملیار دیناری هاوڵاتیان لەو بانکە هەبوو، بەڵام ئێستا تەنها بڕی یەك ملیارو سەد ملیۆن ماوە، بەمەش ئەگەر هاوڵاتیەك بیەوێت پارەکەی بباتەوە، تەنها یەك ملیۆن دینار یان چەند ملیۆن دینارێکی پێدەدەنەوە، بەمەش متمانەی خەڵك بە بانکەکان نامێنێت. هەروەها بەشێکی زۆری ئەو پارانەی دانراون بە حیسابی تەوفیر دانراون، بەم پێیەش ساڵانە (٦٪) دەچێتە سەری و لە ئەنجامیشدا قەرزێکی زیاتر لە سەر حکومەت کۆدەبێتەوە.

## قەرزی حکومەت لای خـەڵك

بە پێی مەزەندەی ئێمە نزیکەی(٦) شەش ملیار دۆلاری حکومەت لای خەڵکە لە چوارچێوەی قەرزی خانوبەرەو کشتوکاڵی و پیشەسازی و هاوسەرگیری و قەرزی بچوکی لاوان و قەرزی نیشتەجێبوون و گەشت وگوزار ، وە قەرز بۆ بازرگان و کۆمپانیاکان. وردەکاری بەشێکی ئەم قەرزانە لە خوارەوە دەخەینە روو:

١- **قەرزی خانووبەرە:** سێ ترلیۆن و سێ سەدو سێ سەدو نەوەد ملیارو چوارسەدو پێنج ملیۆن دراوەتە قەرزی خانووبەرە ، (٢١١) هەزار کەس لێ سوود مەند بوونەو دوو ترلیۆن و حەوت سەد پەنجاو شەش ملیار ماوەو نەگەراوەتەوە.

٢- **قەرزی کشتوکاڵی:** سەدو نەوەدو سێ ملیارو هەشت سەدو هەژدە ملیۆن بۆ قەرزی کشتوکاڵی دراوەو (٨٤٤٨) کەس لێی سوودمەند بوونەو سەدو حەقدە ملیارو پێنج سەد ملیۆن لای خەڵك ماوە.

٣- **قەرزی نیشتەجێبوون:** پێنج سەدو حەوت ملیارو سێ سەدو حەفتاو سێ ملیۆن بۆ قەرزی نیشتەجێبوون دراوەتە هاوڵاتیان، هێشتا چوارسەدو پەنجاو سێ ملیارو چوارسەدو حەفتاو هەشت ملیۆن لای خەڵك ماوە.

٤- **قەرزی پیشە سازی:** چل و سێ ملیارو شەش سەدو هەشتاو پێنج ملیۆن وەك قەرزی پیشەسازی بە (١٣٥) پرۆژە دراوە. چل و سێ ملیارو حەوت سەد ملیۆن لای خەڵك ماوە.

٥- **قەرزی گەشت و گوزار:** دوو ملیارو حەوت سەد ملیۆن دینار وەك قەرزی گەشت و گوزار دراوەتە هاوڵاتیان،

٦- **قەرزی پرۆژە بچوکەکانی لاوان:** بڕی هەشتا ملیارو نۆسەدو سی حەوت ملیۆن دینار بۆ ئەم پرۆژە بچوکانە درواتە (٧٧٤٢) کەس.

٧- **سلفەی هاوسەرگیری:** ئەم پارانە لە گەنجینەکان دراونەتە خەڵك نەمان توانی بڕی پارەکە بزانین کە لای خەڵکە لە سلفەی هاوسەرگیری.

٨- ئەمە جگە لەوەی بە پێی زانیاری ئێمە بڕی (٣٠٠) ملیۆن دۆلار بەقەرز دراوەتە دوو کۆمپانیای کە لە بەرهەمهێنانی کارەبا کاردەکەن.

## ٩- حەوت سەد و بیست و یەك ملیار وەك قەرز بۆ بازرگان و کۆمپانیاکان:

ئەوەی جێگای هەڵوەستەکردنە ئەم جۆرە قەرزەیە کە بە شێوەی قەرزی مەکشوف و خصم (کۆمپیالە) و قەرزی نەقدی دراوەتە خەڵك، کە کۆی قەرزەکە بریتیە لە (٧٢١) ملیار دینار.ئەم برە پارەیە دراوەتە(٢,٧٧٤) کەس. لەم قەرزە خەڵك هەیە (٦٠) شەست ملیار دیناری وەرگرتوە.
ئەم قەرزەش بەم شێوەیە دابەش بووە:

١- (٤٤٧) چوارسەد و چل و حەوت ملیار لە هەولێر وەرگیراوە بە فائیدەی (١١٪) تەنها یەك حاڵەت نەبێت کە بۆی کراوەتە (٣٪).
٢- (٢٦٧) دووسەد و شەست و حەوت ملیار لە سلێمانی وەرگیراوە، بە فائیدەی (٣٪) تا (٨,٥٪) بە شێوەی قەرزی نەقدی کە ئەمە جۆرێکی قەرزە تەنها لای ئێمە بوونی هەیەو لە رووی مالی شتی لەم بابەتە بوونی نیە.
٣- (٧) حەوت ملیار دینار لە دهۆك وەرگیراوە، بە فائیدەی (١١٪).

ئەوکەسانەی گوژمەی قەرزەکانیان کەمەو لە خوار ٣ ملیار دینارە تا رادەیەکی باش پابەندن بە دانەوەی قەرزو سوودەکەی، بەڵام ئەوانەی لە سەرووی ٣ ملیار دیناریان وەرگرتوە، نە قەرزەکان دەگەڕێننەوە نە پابەندن بە دانی سوودەکەی ، زۆربەیان ماوەی قەرزەکەیان بۆ درێژکراوەتەوە، هێشتا ئامادەنین بیدەنەوە، زۆربەی ئەو قەرزانە لە ساڵی ٢٠١١ دراون.

ئەوەی کێشەی گەورەیە لەپێدانی ئەم قەرزانە ئەوەیەکە دەبوایە لە بری قەرزەکە رەهنێك دابنرێت کە ئەو قەرزە بەهاکەی بریتی بێت لە (٣٠٪)ی ئەو رەهنەی دانراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لیژنەکانی خەملاندن لە تۆماری خانوبەرە خەملاندنەکەیان راست نەبووە، لە زۆر لەو قەرزانەی کە هەیە بەهای رەهنەکە کەمترە لە بەهای قەرزەکە، هۆکارەکەشی ئەوە بووە، ئەگەر پارچە عەقارێك بەهاکەی ئەمرۆ ١٠٠ ملیۆن دینار بکات لە خەملاندنی لیژنەی تۆماری خانوو بەرە بە یەك ملیار خەملێندراوە.

بەڵام وێرای ئەوەش زۆر گرنگە کە یاسای (تحصيل الديون الحكومية) ژمارە ٥٦ی ساڵی ١٩٧٧ جێبەجێبکرێت و ماوەیەك بدرێتە ئەوانەی قەرزیان لایەو ماوەی دانەوەشی تێپەریوە، ئەگەر لەو ماوەیە نەدرایەوە، ئەوا یەکسەر بە زیادکردنی ئاشکرا رەهنەکان بفرۆشرێن. هەروەها سزای قورسی لیژنەکانی خەملاندن بدرێت، ئەگەر لەسەریان ساغ بووەوە کە بەئەنقەست ئەو خەملاندنانەیان کردوە.

بە پێی بە دواداچوونی ئێمە لە کۆی هەموو ئەو قەرزانەی کە حکومەت لای خەڵك هەیەتی مانگانە کەمتر لە (٣٠) سی ملیار دینار دەگەڕێتەوە.

## دووەم: چاکسازی لەبواری مووچە و دەرماڵەکان:

بە پێی ئەو پرۆژەیەی کە حکومەت کاری لەسەر دەکات دەکریت چاکسازیەکی باش لە بواری موچەو دەرماڵەکان بکرێت، ئەمەش بە بنەما وەرگرتنی ئەو پرۆژەیە کە بەڕێز سەرۆك وەزیرانی فیدراڵ (حيدر العبادي) لە بەغدا لە بواری موچە کردی، بەڵام بە هەموارکردنی ئەوتۆ کە لە گەڵ هەرێمی کوردستان بگونجێت ، بەتایبەتیش کە بابەتی مووچە لەچوارچێوەی ماددەی (١١٠)ی دەستوری عێراقی فیدراڵ نەهاتووە و دەسەڵاتی رەهای فیدراڵی نییە.

| کۆی ژمارەی مووچەخۆران | ژمارەی مووچەخۆری دامەزراو (دائم) | ژمارەی مووچەخۆری گرێبەست | ژمارەی خانەنشینان | چاودێری کۆمەڵایەتی | بڕی پێویستی مانگانە بە دینار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١,٣٨٧,٩٥٧ | ٧١٩,٣٦٦ | ٢٥,٠٠٠ | ٢٢٢,٨٢٠ | ٤٢٠,٨٧٣ | ٨٧٨ ملیار دینار |

تا ئێستا نازانرێت چەند خەڵك لە کەرتی تایبەت کاردەکەن، سەرەڕای دەرچوونی چەند یاسایەك بۆ هەموارکردنی یاسای کار و بیمەی کۆمەڵایەتی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بە ئاراستەی هاندانی خەڵك بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت ، بەڵام بەداخەوە تائێستا جێبەجێ نەکراون ، چونکە بۆ ئەوەی کەسێك بیەوێت خۆی تۆمار بکات لە کەرتی تایبەت پێویستە رەزامەندی (١٠٦) ئیمزا وەربگرێت. سەرەڕای نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان ئیمتیازاتی وەزیفەی گشتی و کارکردن لە کەرتی تایبەت، لەم تەوەرە ئەم پێشنیازانەی خوارەوە دەخەینە روو:

١- تەرشیقی هەیکەلیەتی حکومی لە رێگای کەمکردنەوەو دمج کردنی فەرمانگەو بەرێوەبەرایەتیەکان، خانەنشینکردنی ئەو راوێژکارو پلە تایبەتیانەی بروانامەیان نیە و پێویست نین، چارەسەری کێشەی ئەوانەی پێیان دەگوترێت موعەوەم، چارەسەری کێشەی ئەو کەسانەی ئەندامی شارەوانیەکانن و موچە وەردەگرن. کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان...هتد.

٢- بە پێی بە دواداچوونی ئێمە لەو برە پارەیەی بۆ موچە تەرخان دەکرێت بری (٤٥٪) مووچەی بنەرەتیە کە دەکاتە ٣٨٧ ملیار دینار، کەچی (٥٥٪) دەرماڵەیە و دەکاتە ٤٧٣ ملیار دینار. بە باشی دەزانین لە چوار چێوەی پرۆسەیەکی دادپەروەرانە دەرماڵەکان رێکبخرێنەوەو ئەوەی شایستەی نیە ببردرێت، بۆ نموونە کەسێك دەرچووی بەشی کیمیایە، بەڵام کاری سکرتیری دەکات، نابێت دەرماڵەی مەترسی وەربگرێت، دەرماڵەی مەترسی لە بواری کیمیا تەنها بۆ ئەوەیە کە لە ناو موادی کیمیاوی کاردەکات ئیتر بۆ هەموو بوارەکانی دیکەش بەم شێوەیە. سەرەڕای هەبوونی جیاوازییەکی زۆر لە دەرماڵە لەنێوان وەزارەتەکان بۆ هەمان ئەو فەرمانبەرانەی کە هەمان ناونیشانی وەزیفیان هەیە وەکو ژمێریار ، وردبین ، یاسایی ، شوفێر ، کارگوزارەکان...هتد.

٣- ئەوەی پەیوەستە بە دوو موچەیی و ئەو موچەخۆرانەی کە دەوام ناکەن یان لە دەرەوەی وڵاتن دیسان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ئەم بابەتە کۆتایی پێبهێنریت و هیچ کەسێك بەدەر (استثناء) نەکرێت، بەمەش پارەیەکی زۆر بۆ بودجەی گشتی دەگەرێتەوە.

٤- پشتگیری تەوای ئەو چوادە پێشنیازە دەکەین کە وەزارەتی دارایی بۆ کەمکردنەوەی خەرجیەکان و چاکسازی لە بواری موچە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی کردبوو، بە باشی دەزانین لە زووترین کات بریاری لە سەر بدرێت و پرۆژەکە بکەوێتە واری جێبەجێکردن.

## سێیەم: باج و رسومات:

لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (٢٢) بیست و دوو هەزار کۆمپانیا لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی تۆمار کراون لەو رێژەیە تەنها (١٤) چواردە هەزار لە بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری تۆمارکراون، بەم پێیەش (٨) هەشت هەزار کۆمپانیا لە باجی خانووبەرە تۆمار نەکراون، ئەو کۆمپانیایانەی کە تۆمار نەکراون لە کاتی کاری ئەهلی دەکەن دەتوانن باج نەدەن. هەروەها سەپاندنی باج لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ عێراق زۆر کەمترە، بۆ نموونە باجی دابینکردن (تجهیز) لە بەغدا بریتیە لە (٢٠٪) بەڵام لە هەرێم بریتیە لە (٩٪) ، باجی مقاولات لە بەغدا بریتە لە (١٨٪)، بەڵام لە هەرێم بریتیە لە (٦٪)، هەروەها اعفائاتی باج ئێجگار زۆرە ، بۆ نموونە کۆمپانیاکانی نەوت باج نادەن ئەمەش پێچەوانەی ماددەی (٤٠) ی یاسای ژمارە (٢٢) ی ساڵی (٢٠٠٧)ی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانە. ئەمە جگە لە اعفاکردنی چەندین کۆمپانیا لە باج بە هامشێکی یەك دێری، بەخشین لە باج پێچەوانەی یاسایە، چونکە سەپاندن و بەخشین لە باج تەنها بە یاسا دەبێت. بە پێی ماددەی پێنجەم لە یاسای وەبەرهێنان ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٠٦) سەرجەم پرۆژەکانی وەبەرهێنان تا (١٠) ساڵ لە باج دەبەخشرێن، ئەم ماددەیەش پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، چونکە بەم پێیە سەرجەم میوانخانەو مۆڵە گەورەکان و شارەکانی نیشتەجێکردن و ...هتد تا (١٠) ساڵ باج نادەن.

هەموو باجی یەك ساڵی هەریمی کوردستان نزیکەی (١٦٠) سەدو شەست ملیار دینارە کە تەنها بەشی موچەی یەك مانگی وەزارەتی پەروەردە دەکات ، ئەمە لە کاتێکدایە زۆر لە وڵاتە ئەوروپیەکان سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان بریتیە لە باج.

لە نێوان ساڵی (٢٠٠٧- ٢٠٠٨) کۆمەڵێك یاسا لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوونە رێژەی باجی لە سەرخەڵکی دەوڵەمەند کەمکردۆتەوە، بۆ نموونە پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە (٢٤) ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ژمارە (٢٦) ی ساڵی ١٩٦٢ی زەرییەی عەرەصاتی هەموارکرد، بە پێی ماددەی دووەمی ئەم هەموارکردنە ئەگەر کەسێك هەر چەند پارچە زەوی وەك قەرەبوو لە ئەنجامی کوژاندنەوەی زەوی وەرگرتبێ ئەوا بۆ ماوەی سێ ساڵ لە باج دەبەخشرێت ، کە پێشتر ئەم بەخشینە نەبوو. بە پێی ئەم هەموارکردنە ئەگەر کەسێك (١٠٠) پارچە زەویش وەك قەرەبوو وەربگرێت، تا سێ ساڵ یەك دیناریش نادات. هەر لە هەمان هەمواركردن ئەگەر کەسێك (٢٠٠ م٢) مەتر دووجا تا (٦٠٠م٢) مەتر دووجا زەوی لە باج دەبەخشرێت، ئەگەر ئەو زەویەی فرۆشت و یەکێکی دیکەی کری لەویش لە باج

دەبەخشرێت، ئیتر ئەگەر سەد جاری دیکەش زەوی بکڕێت و بفرۆشێت هەر دەبەخشرێت، بەڵام لە یاسای پێشوو تەنها یەك جار لە باج دەبەخشرا.
هەروەها پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە (٢٥) لە ساڵی ٢٠٠٧ یاسای باجی خانووبەرەی ١٦٢ی ساڵی ١٩٥٩ ی هەموارکردو بە پێی ئەم هەموارکردنە تا حەوت ساڵ هەمووئەو باڵە خانانە لە باج دەبەخشرێن کە لە سێ نهۆم زیاترن، بەڵام بە پێی یاسای ژمارە ١٦٢ تەنها بۆ ماوەی سێ ساڵ ئەو بەخشینە لە باج هەبوو.
رسوماتی ئەو خزمەت گوزاریانەی حکومەت پێشکەشی دەکات پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، یان رسوماتی ئاو زۆرکەمەو هەر ئەوەشە وای کردوە خەڵك ئاو زیاد لە پێویستی خۆی بەکار بهێنێت، بە رێکخستنی ئەم رسوماتانە داهاتێکی زۆر بۆ حکومەت زیاد دەبێت.
لەم خشتەیەی خوارەوەدا چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو:

| ز | خـــــزمەتگوزاری | بڕی رسومات |
|---|---|---|
| ١ | مۆڵەتی دروستکردنی نەخۆشخانەی تایبەت | ٣٧,٥٠٠ دینار |
| ٢ | مۆڵەتی کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگەی تایبەت | بێ بەرامبەر |
| ٣ | مۆڵەتی کردنەوەی قوتابخانە یان باخچەی ساوایان-ئەهلی | بێ بەرامبەر |
| ٤ | مۆڵەتی دوکانی فرۆشتنی جگەرە | بێ بەرامبەر |
| ٥ | مۆڵەتی ئوتێلی پێنج ئەستێرە کە چێشتخانەی هەبێت | ٢٠٠,٠٠٠ دینار |
| ٦ | مۆڵەتی ئوتێلی چوار ئەستێرە کە چێشتخانەی هەبێت | ١٨٧,٥٠٠ دینار |
| ٧ | مۆڵەتی ئوتێلی سێ ئەستێرە کە چێشتخانەی هەبێت | ١٥٠,٠٠٠ دینار |
| ٨ | مۆڵەتی ئوتێلی دوو ئەستێرە و یەك ئەستێرە بێ چێشتخانەی | ٣٠,٠٠٠ دینار |
| ٩ | مۆڵەتی کردنەوەی عیادەی پزیشکی و تاقیگە | ١٥,٠٠٠ دینار |
| ١٠ | مۆڵەتی دروستکردنی باڵەخانەی بازرگانی | ٧٥٠ دینار بۆ هەر مەترێك دوجا |
| ١١ | مۆڵەتی دروستکردنی خانوو | ١٢,٠٠٠ دینار |
| ١٢ | فەحص کردنی یەك کیلۆ زێڕ | ١٥,٠٠ دینار |
| ١٣ | مۆڵەتی پێدانی رێکلام کردن | بێ بەرامبەر |
| ١٤ | مۆڵەتی کردنەوەی شیرینەمەنی پلە پێنج | ١٥,٠٠٠ دینار |
| ١٥ | مۆڵەتی سوپەرمارکێت و مینی مارکێت و مارکێت | بێ بەرامبەر |
| ١٦ | مۆڵەتی کردنەوەی مۆبیلیات | بێ بەرامبەر |
| ١٧ | مۆڵەتی بەنزینخانەی پلە یەك و دوو | بێ بەرامبەر |
| ١٨ | مۆڵەتی کردنەوەی دوکانی ماست فرۆشی | ١١,٢٥٠ دینار |
| ١٩ | مۆڵەتی کردنەوەی کارگە گەورەکان | ١٥,٠٠٠ دینار |
| ٢٠ | مۆڵەتی سەرتاشخانە | ١١,٢٥٠ دینار |
| ٢١ | مۆڵەتی پرۆژەی ئاژەڵی پەلەوەر لە ٦ دۆنم تا ٢٠ دۆنم | ٢٠,٠٠٠ دینار |

حکومەت کێشەی کۆکردنەوەو وەرگرتنی ئەو رسوماتانەشی هەیە ، زۆر جار بڕی تێچووی کۆکردنەوەی ئەو رسوماتانە زیاترە لە پارەی ئەو رسوماتانەی وەردەگیرێت. ئێمە پێمان وایە ئەو رسوماتانە و بە سەدانی دی دەکرێت نرخێکی ئەوتۆ وەربگیرێت کە کاریگەری باشی هەبێت لەسەر زیادکردنی داهاتی ناوخۆ. بۆ ئەم مەبەستەش ، پێشنیاز دەکەین لیژنەیەکی پسپۆڕ و تایبەتمەند لەم بوارەدا پێك بێت بۆ پێداچوونەوە بە رسوماتەکان.

لە سەر ئەم بنەمایە بە پێویستی دەزانین پێداچوونەوە بە ئیعفائاتی باج و گومرگی لە سەر کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان و نەوت و چێشتخانەو هوتێلەکان و...هتد بکریت. بۆ نموونە ئێمە بە دواداچوونمان بۆ یەك چێشتخانەی گەورەی هەولێر کرد تەنها بە فرۆشتنی ئاو لەم چێشتخانەیە مانگانە (٦٠) شەست ملیۆن دینار قازانج دەکات، کەچی باجی یەك ساڵی ئەو چێشتخانەیە بریتی بووە لە (٤٠) چل ملیۆن دینار. هۆکاری سەرەکیش لەمە ئەو لیژنانەن کە تەخمین بۆ باج دەکەن و زۆر جار رەشوەو دێتە ناو بابەتەکە، یان کارگەیەکی گەورەی چیمەنتۆلە سلێمانی باجی ساڵێکی تەنها بریتیە لە (١٠) دە ملیۆن دینار. بۆیە دەبێ هەوڵبدرێت بە گشتی سیستەمی باج و رسومات و گومرگ رێکبخرێتەوە.

## چوارەم: داهات و خەرجیی ناوخــــــۆ:

**یەکەم:** داهاتی ناوخۆ لە سەرتاسەری هەرێم مانگانە نزیکەی لە سنوری (١٤٠) سەدوچل ملیار دینارە کە پێك دێت لە (گومرگ، باج، پارەی کارەباو ئاو، سەرپێچی هاتوچۆ، رسوماتی دیکەی جۆراوجۆر)، کە بەشێکی بەنەقدی دێت و بەشەکەی تر بەشێوەی چەك و قەرزە، کە تێکڕا مانگانە نزیکەی (١٠٠) سەد ملیار دینار بە نەقدی وەك داهاتی ناوخۆ دێت ، ئەمەش هەمووی لەیەك کاتدا نایەت. بۆنموونە کۆی داهاتی باج، گومرگ، ئاو، کارەبا، هاتوچۆ لە ٢٠١٥/١/١ تا ٢٠١٥/٥/٣١ بەم شێوەیە بووە: باج (١٢٠,٦٩٠,٠٠٠,٠٠٠) سەدو بیست ملیارو شەش سەدو نەوەد ملیۆن دینار، گومرگ (٣١٤,٦٧٩,٠٠٠,٠٠٠) سێ سەدو چوادە ملیارو شەش سەدو حەفتاو نۆ ملیۆن، کارەباو ئاوو هاتووچۆ(٢٦٦,١٦٨,٠٠٠,٠٠٠) دووسەدو شەست و شەش ملیارو سەدو شەست و هەشت ملیۆن دینار. کۆی گشتی دەکاتە (٧٠١,٥٣٧,٠٠٠,٠٠٠) حەفت سەدو یەك ملیارو پێنج سەدو سی و حەوت ملیۆن، ئەگەر ئەم مەلەغەش دابەشی پێنج مانگ بکەین دەکاتە سەدو چل ملیار دینار.
بە پێی وتەی وەزیری دارایی داهاتی ناوخۆ ناچێتە سەر مووچە و بۆ بواری بەکاربردن بەکاردێت ، بۆنموونە: نەسریەی گشتی فەرمانگەکان ، کرێی خانوو و بەشەناوخۆییەکان و سەیارە ، ئێشکگری ، کرێی وانەوتنەوە، پاککردنەوەی شارەکان، چاپی کتێب ، کاری زیادە ، کرێی تاقیکردنەوە، کڕینی دەرمان، هێڵی ئینتەرنێت، خواردنی نەخۆشخانە و گرتووخانەکان ، کلۆری ئاو ...هتد.
لەلایەکی دی ، هەر سەبارەت بە داهاتی ناوخۆیی کە بواری بەکاربردن خەرج دەکرێت کێشەیەکی دی هەیە ئەویش ئەوەیە کە بە پێی دەستور رەگەزنامە ئیتیحادیەو دەبێ کۆی

پارەکەی لە لایەن بەغدا دابین بکرێت، بەڵام بەغدا تەنها (٢,٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیارو شەش سەد ملیۆن دینار دەنێرێت، کەچی خەرجی ڕەگەزنامە بریتیە لە (٥,٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیارو شەش سەد ملیۆن دینار، بەم پێیەش مانگانە مەبلەغی (٣) سێ ملیار دینار لە لایەن حکومەتی هەرێم دەخرێتە سەری.

**دووەم: داهات و خەرجیی شەش مانگی گومرگەکان و فەرمانگە حکومییەکان لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگاکە ، لە (٢٠١٥/١/١) تا (٢٠١٥/٥/٣١):**

| ز | ناوی گومرگ | بڕی داهاتی شەش مانگ بە دینار |
|---|---|---|
| ١ | گورمرگی ئیبراهیم خەلیل | ١٣٩,٦٩٣,٤٨٦,٠٠٠ |
| ٢ | گومرگی باشماخ | ١١٥,٢١٠,٩٩٤,٠٠٠ |
| ٣ | گومرگی حاجی ئۆمەران | ١٧,٧٢٤,٨٢٩,٠٠٠ |
| ٤ | گومرگی گەرمیان | ٢٧,٤٢٨,٩٣٧,٠٠٠ |
| ٥ | گومرگی فڕۆکەخانەی هەولێر | ٧,٠٧٣,٦٨٥,٠٠٠ |
| ٦ | گومرگی فڕۆکەخانەی سلێمانی | ٧,٥٤٧,٤٣٩,٠٠٠ |

**خەرجیی شەش مانگی فەرمانگەکان:**

| ز | پــــــــارێزگــــــــا | خەرجیی شەش مانگ بە ملیار دینار |
|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ١٣٥,٠٩٩ |
| ٢ | سلێمانی | ٨٥,٨٨٧ |
| ٣ | دهۆك | ٧٠,٢٧٧ |

ئێمە پێمان وایە ئەو ژمارانە جێگای هەڵوەستە لەسەر کردن و بە دواداچوونن بۆ پشتڕاستکردنەوەی لە ناهاوسەنگی داهات و خەرجییەکانی نێوان پارێزگاکان.

**تێبینی:** ئەم خەرجییانەی پارێزگای هەولێر خەرجی وەزارەت و دەستە و دامەزراوە باڵاکان ناگرێتەوە.

# تەوەری حەوتەم

# پێشنیاز و ڕاسپاردەی گشتی

**یەکەم:** وەزارەتی سامانە سروشتیەکان پێویستی بە دامەزراوەیی کردنی زیاتر هەیە. ئێمە تێبینیمان کرد لە جیاتی شایستەی دارایی کۆمپانیاکانی نەوت وەزارەت هەڵساوە بە پێدانی بڕێك نەوت پێیان یان لە جیاتی کرێی گواستنەوەی نەوت بڕێك نەوتیان وەرگرتوە، ئیتر بەم شێوەیە، ئێمە پێمان وایە کێشەکان لێرەوە سەرهەڵدەدەن و هەر یەکەو بە ئارەزووی خۆی ژمارە لێ دەدات، بەڵام ئەگەر هەموو نەوتەکە بفرۆشرێت و ئینجا پارەکەی تەحویلی حیسابی وەزارەتی دارایی بکرێت و ئینجا لەوێ پارەی کۆمپانیاکان و گواستنەوەو...هتد بدرێت ئەو گرفتە چارەسەر دەکرێت.

**دووەم:** دواکەوتنی دروستکردنی صندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان سەرەڕای دەرچوونی یاسای سندوقەکە لە پەرلەمانی کوردستان و دوا وادەش ڕۆژی (٢٠١٥/٨/٢٠) بوو بەپێی یاساکە ، کە ئەمە یەکێکە لە کێشەکان و بە پێویستی دەزانین ئەنجومەنی وەزیران پەلە بکات لە پێکهێنانی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەو صندوقەو هۆکاری دواکەوتنیشی ڕوون بکرێتەوە.

**سێیەم:** تا ئێستاش هێنانی گازی ماڵان و دابەشکردنی نەوتی سپی بۆ هاوڵاتیان و ئەم بابەتانە بار قورسیەکی زۆری بۆ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دروستکردوەو ئێمە بە پێویستی دەزانین ئەم بابەتانە بخرێنەوە سەر پارێزگاکان و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان سەرقاڵی سیاسیەتی گشتی نەوت و گازو کۆمپانیاکان و هەناردەکردنی نەوت بێت.

**چوارەم:** پەرلەمان و حکومەت هەوەڵبدەن هەموو کۆمپانیاکانی دیکەی تایبەت بە نەوت کە لە یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی نەوت و گاز هاتوون دروست بکەن کە بریتین لە کۆمپانیای کۆمۆ ، کەپکۆ.

**پێنجەم:** حکومەتی هەرێم لە ماوەی ڕابردوو چەکی مردووی دابە بە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان لە بری ئەو سلفانەی کە موستەحقاتیان هەیە لە لای حکومەت. ئەم بابەتە بووە دەرگایەك بۆ گەندەڵی و ڕاکێشانی پارە بەو چەکانە لە بانکەکان لە بەرامبەر وەرگرتنی ڕەشوە. بووە دەرگایەك بۆ ئەوەی کە ئەو بازرگانانەی پارەیەکی زۆریان لە حکومەت قەرز کردبوو بەو چەکانە بیگەڕێننەوە.

لە هەمووشی گرنگتر ئەوەی کە لە ڕێگای ساغ کردنەوەی ئەو چەکانە لە بانکی (TBI) لە بەغدا ئێستا ڕەصیدی ئەو بانکە لە هەرێم بووەتە(دوو ترلیۆن) دینار. ئەم بابەت پێویستی بە لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە هەیە بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی دەستیان هەبووە لەم بابەتە دادگایی بکرێن.

**شەشەم:** کێشەی هەرە سەرەکی ئەوەیە کە ئەو ژمارانەی لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە فرۆشتنی نەوت بڵاو دەکرێنەوە تا ئێستا لە لایەن دیوانی چاودێری دارایی وردبینیان بۆ نەکراوە، بۆیە زۆر پێویستە دیوانی چاودێری دارایی دەستی کراوە بێت و تەواوی داتاو ژمارەکان بخرێتە بەردەستیان بۆ وردبینی کردن ، یان لە ڕێگای دەزگا و دامەزراوەی نێودەوڵەتي کە لەبواری شەفافیەت و چاودێری نەوت کاردەکەن بانگهێشت بکرێن بۆ وردبینی کردن.

**حەوتەم:** چارەسەر کردنی یەکجاری کێشەی پاڵاوگە نایاسایەکان و بوونی شەفافیەتی تەواو لە پاڵاوگەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی تەواو بۆ هەموو کەسێك کە بیەوێت لەم بوارانە کاربکات دوور لە ئیحتکار. هەروەها ئەنجامدانی پێداچوونەوەو لێکۆڵینەوە لە

گواستنەوەی گازوایل و خەزن کردنی و گواستنەوەی غازی ماڵان و نەفتاو هەموو ئەوەی پەیوەستە بە بواری نەوت و گاز، چونکە پێی زانیاری ئێمە مۆنۆپۆل و بە هەدەردان هەیە لە هەموو ئەو بوارانەی باسمان کرد.

**هەشتەم:** گۆرینەوەی پارە لە دۆلار بۆ دینار کە بانکی کوردستان پێی هەڵدەستێت بە پێویستی دەزانین لە لایەن دیوانی چاودێری دارایی وردبینی بۆ بکرێتەوە.

**نۆیەم:** پارەیەکي زۆر دەدرێتە کۆمپانیاکانی خاوێنکردنەوە لە وەزارەتی شارەوانی ، بەپێی بەدواداچوونی ئێمە بە پارەیەکی زۆر لەوە کەمتر شارەوانییەکان خۆیان دەتوانن خاوێنی بکەنەوە. بۆیە پێمان باشە لیژنەیەك بۆ دیراسەت کردنی ئەم بابەتە پێك بهێنرێت. ئەمە لە کاتێك دایە وەزارەتی شارەوانی زیاتر لە (٤٢) هەزار موچە خۆری هەیەو رێژەیەکی ئێجگار زۆر لەوانە کارگوزارو پاککەرەوەو شوفێرن.

**دەیەم:** پێدانی پاڵپشتی سوتەمەنی بە هوتێلەکان و پرۆژە پیشەسازییەکان وکۆمپانیاکان رێکبخرێتەوەو پێداچوونەوەی پێدا بکرێت.

**یازدەیەم:** ئاسانکاری پێویست بکرێت بۆ ئەوەی دەست بکرێت بە دامەزراندنی ئەو سێ پاڵاوگە گەورەیەی کە بریار بوو دروست بکرێن. ئەمەش سوودی زۆری دەبێت، چونکە لە جیاتی ئەوەی نەوتی خام بنێرین و نەوت لە دەرەوە هاوردە بکەین دەتوانین بە پارەیکی باشتر کیرۆسین و نەوتی رەش و بەنزین و دیزل بەرهەم بهێنین و هەریەکی بەجیا بفرۆشین.

**دوازدەیەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ بەدواداچوونی هەموو ئەو گەندەڵییانەی لە سەر بەهەدەردانی نەوت و پاشکۆکانی باسیان لێوە دەکریت، بۆ نموونە ئەوەی باس کرا لە سەر پێدانی نەوتی رەش بە کارگەی قیری زیپۆو لاناز، هەروەها بەدواداچوونی ئەوەی باسکرا لە سەر وەرگرتنی (٥٠) پەنجا دۆلار لەلایەن کۆمپانیای داهۆل لە هەر تانکەرێك لە مەرزی پەروێزخان.

**سێزدەیەم:** هەرێمی کوردستان بەر لەوەی هەرێمێکی نەوتی بیت کشتوکاڵیە، بۆیە پێشنیاز دەکەین لە چوار چێوەی پلانێکی ستراتیژی بایەخ بە کەرتی کشتوکاڵ بدریت و جووتیاری ناوخۆ هانبدریت، چونکە لە قۆناغی ئێستا بە هۆی نەبوونی پلانێکی تۆکمە جووتیارانی ئێمە زەرەر مەند دەبن و بەروبوومی ناوخۆ ناتوانێت کێبرکێی بەروبوومی دەرەکی بکات، یان پلانی حکومەت چی دەبێت ئەگەر بەغدا گەنمی جووتیارانی وەرنەگرت؟. ئێمە پێمان وایە دەبێ بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادەکاری بکەین .

**چواردەیەم:** حکومەت کۆبوونەوەو کۆنفرانسی تایبەت ئەنجام بدات بۆ چاکسازی ئابووری و هەوڵبدات ستراتیژێکی نیشتمانی بۆ چاکسازی و رووبەروو بوونەوەی گەندەڵی دابرێژێت.

## پێمان باشە ئەم پێشنیازانەی خوارەوە دیراسە بکرێن:

**یەکەم:** دیراسەت کردنی زانستیانە بۆ ئەوەی ئەگەر لە جیاتی موچەی سێ مانگی رابردووی فەرمانبەران چەکی بانکی بدریتە فەرمانبەران و ئەو چەکەش لە لایەن حکومەت قیمەتی بۆ دروست بکریت، واتە بتواندریت نیوەی باج و گومرگ و دانەوەی پێشینەکان و چەند شتی دیکەش بەو چەکان بدرێتەوە.

**دووەم :** فرۆشتنی تعریفەی گومرگی ، بۆری نەوتی هەرێم بۆماوەی (١٠ – ٢٠) ساڵ لە بەرامبەر برێک پارەی نەقدی (کاش) بۆ هەرێم ، کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە پلانیدایە.

**سێیەم:** دیراسەت کردنی زانستی بۆ ئەوەی کە حکومەت بە بری ٢ملیار دۆلار سەنەداتی مالی حامل بفرۆشیت بە فائیدەی(٥٪) یان (١٠٪). واتە قەرزی ناوخۆیی هاوشێوەی میصر، بە مەرجێك نەتوانرێت ئەو سەنەداتانە ساختە بکرێن.

**چوارەم:** دیراسەتکردنی فرۆشتنی پشکی هەرێم لەو بەشەی لە کۆمپانیاکانی نەوت هەمانە بۆ ئەوەی بتوانین ئەو موچانەی پێ بدەین کە قەرزە لەسەرمان.

**پێنجەم:** ئەو کەسانەی کە سوودمەند بوون لە قەرزەکانی (خانووبەرە ، نیشتەجێ کردن ، کشتوکاڵ ، پیشەسازی ، گەشت و گوزار ، پرۆژەی بچووک, هاوسەرگیری) دوو بژاردەیان بخرێتە بەردەست:

١- لە بری ئەو موچەیەی کە ئەو هاوڵاتیە لە لای حکومەت هەیەتی و لە هەمان کات یەکێك لە قەرزەکانی راکێشاوە، حکومەت بە بری دوو بەرامبەری ئەو موچەیە لە هاووڵاتیەکە خۆش ببێت ، بۆ نموونە: هاووڵاتیەک مووچەی سێ مانگی (١,٥٠٠,٠٠٠) ملیۆنێک و پێنج سەد هەزار دینارە ، لە بەرامبەردا حکومەت (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار لە قەرزەکەی خۆشبێت.

٢- ئەگەر هاوڵاتیەکە کە قەرزی راکێشاوە، ئامادە بوو نیوەی قەرزەکەی کە رایکێشاوە بە نەقدی و بە یەك جار بیگەرێنێتەوە ، حکومەت لەنیوەکەی دیکە کە ماوە خۆش ببێت، بۆ نموونە هاووڵاتیەک (٦) شەش ملیۆن دینار قەرزی لەلا ماوە ، ئەگەر (٣٠) سی ملیۆن بە نەقدی بداتەوە بە حکومەت ، ئەوا حکومەت (٣) سێ ملیۆنی لێ خۆشبێت.